

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

**بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بۆ گوڵان:**

# بارزانییەکان دووچاری جۆرەها ئەشکەنجە و ئازار بوونەوە لە سەروەختی ئەنفالکردنیاندا

ئاشکرایە تاوانەکانی رژێمی بەعس دەرهەق بە خەڵکی کوردستان زۆرن و نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە هەندێ لەو تاوانانە برینی هێندە قووڵ و بە سوێیان جێهێشتووە کە هەرگیز ساڕێژ نەبن، وەک ئەنفالی بارزانییەکان، کە تێیدا ئەو خەڵکە سەربەرزە تووشی چەندەها نەهامەتی و دەردەسەری و ئێش و ئازاری لە ڕادەبەدەر بوونەوە. ئەنفالی بارزانییەکانیش لە (١٩٨٣/٧/٣٠) و بە قوربانییبونی ژمارەیەک لە کەسایەتی و شێخانی بارزان دەستی پێکرد. لەم ڕووەوە، ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی بارزان، زانیاری زیاتر بۆ خوێنەرانی گوڵان دەخاتەڕو:

بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بەمجۆرە شیکاری بۆ قۆناغەکانی ئەنفالی بارزان دەکات:

● **قۆناغی یەکەم:** لە بەرواری (١٩٨٣/٧/٣٠) ژمارەیەك لە کەسایەتی و هەندێك لە شێخانی بارزان جینۆسایدکران.

● **قۆناغی دووەم:** لە(١٩٨٣/٧/٣١) لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە بەناوی (قودس و قادسیە) ژمارەیەکی زۆری بارزانییەکان لە ڕەگەزی نێر زیندەبەچاڵ کراون.

● **قۆناغی سێیەم:** لە(١٩٨٣/٨/١٠) نێرینەی بارزانییەکانی ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی (دیانا و حەریرو بەحرکە و گۆڕەتوو...) کۆمەڵکوژ کراون.

● **قۆناغی چوارەم:** لە(١٩٨٣/١٠/١) ئەم جارەیان زۆر چڕتر لە جارەکانی تر ماڵ بە ماڵ زۆر بەوردی گەڕان، هەرچی نێرینەی بارزانی مابوون، دەستگیرکران و پاشان کۆمەڵکوژکران.

هەندێك سەرچاوە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٣ تاکو ١٩٩١) بە قۆناغی پێنجەمی جینۆسایدی بارزانییەکان ناودەبەن، بەڵام من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، چونکە لەم ماوەیەدا ژمارەیکی یەکجار کەم لە پیاوی بارزانی مابوون و رزگاریان ببوو لە شاڵاوی جینۆسایدی بارزانییەکان، ئەمانیش هەر زوو خۆیان گەیاندە ناوچە قەدەغەکراوەکانی سەر سنووری نێوان تورکیا و ئێران و دەڤەری بارزانی قەدەغەکراو، لە شاخ و ئەشکەوتەکانی ئەم دەڤەرەوە بەرەو وڵاتانی دراوسێ رۆیشتن و ئاوارە بوون، چەند حاڵەتێکی دەستگیرکردنی تاکە کەسی لەم ماوەیەدا هەبوو، بەڵام ئەمە قۆناغی جینۆسایدی بارزانییەکان نەبوو، بەڵکو پرۆسەی ئازاردانی کەسوکاری بەجێماوی جینۆسایدی بارزانییەکان بوو لە دوای جینۆسایدکردنی پیاوە بارزانییەکان.

لێرەدا ئاماژە بە جۆر و شێوازی ئەشکەنجەدانی کەسوکاری بارزانییەکان دەکەین لە دوای جینۆسایدی پیاوەکانیان کە بریتین لە:

**١- ئەشکەنجەدانی ئابووری:**

رژێمی بەعسی دیکتاتۆری لە ناوچوو دەستیکرد بە برینی هەرچی خزمەتگوزاری هەیە لە رووی ئابوورییەوە، وەکو ( برینی ئەو بەشە ئازوقەیەی مانگانە حوکمەتی عێراق پێشکەش بە هاووڵاتیانی عێراقی دەکرد، هەروەها رێگەگرتن لەو کەسانەی کە ئازوقە و شتومەك بە بارزانییەکان دەفرۆشن. یاخۆد هاوکارییان دەکەن بە هەر جۆر و شێوازێك بێت، رێگەگرتن لەو ئافرەتە بارزانییانەی کە دەیانویست کرێکاری بکەن و بچن بۆ کارکردن و بژێوی رۆژانەیان دابین بکەن.

**٢- ئەشکەنجەدانی تەندروستی:**

داخستنی دەرگای نەخۆشخانەکان بە سەر بارزانییە بە جێماوەکان و قەدەغەکردنی هەموو خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی وەکو کوتانی منداڵان و ئافرەتان و هەموو خزمەتگوزاری تر... هەروەها ئەو ئافرەتانەی لە ساڵی یەکەمی دوای جینۆسایدکردنی پیاوەکان دووگیان بوون، بە ناچاری لە سەر دەستی چەند ئافرەتێکی شارەزا و ماماﻥ بە بێ پێداویستی تەندروستی لە سوچی هۆبەیەکی ئۆردوگا زۆرەملێیەکەدا منداڵیان دەبوو، ئەمە جگە لە برینی ئاو و دەرهێنانی بۆڕیە ئاوییەکان بۆ ئەوەی دانیشتووان بە هیچ شێوەیەك سوودی لێ نەبینن، بەمەش ناچار خەڵکەکە لە کارێزێکی دوور بە تەنەکە ئاویان دەهێنا، کە ئەم ئاوەش لە رووی تەندروستییەوە هیچ پشکنینی بۆ نەکرابوو، هەم هیچ ئامێرێکی پاڵاوتنی بۆ دانەنرابوو.

**٣- ئەشکەنجەدانی پەروەردەیی:**

داخستنی دەرگای قوتابخانەکان بە سەر منداڵ و کەسوکاری بارزانییە جینۆسایدکراوەکان و رێگەگرتن لە هەموو خولێکی هۆشیاری رۆشنبیری و پەروەردەیی و هیتر...

**٤- ئەشکەنجەدانی جەستەیی:**

ئەشکەنجەدان پیشەی رۆژانە پیاوانی بەعس و پۆلیسی جینۆسایدی بوو کە بە بێ حورمەتانە هەڵیان دەکوتایە سەر ئۆردوگایەکان و بێ رێزی و بێ حورمەتییان بە ئافرەت و منداڵەکان دەکرد و رۆژانە ئەشکەنجەیان دەدان و هەروەها ئافرەتەکانیان دەبردە بنکەی ئەمن و بە بیانووی ئەوەی کەسوکاریان لە وڵاتی ئێرانن، ئافرەتەکانیان لە زیندانەکانی (ئەمن) دا ئازار و ئەشکەنجە دەدا.

**٥- ئەشکەنجەدانی کۆمەڵایەتی:**

بەمەش ئاو و کارەبا و هەموو خزمەتگوزارییەکان لە بارزانییەکان قەدەغەکران و ئۆردوگایەکان وەك زیندانێك بوو بۆ ئەم ئافرەت و منداڵانە کە بۆیان نەبوو بچنە دەرەوە لەم ئۆردوگایانە و سەردانی ئۆردوگایەکانی تر بکەن و کەلوپەل و شتومەك بکڕن و هەروەها جەژنەکانی وەکو نەورۆز و هیتریان لێ قەدەغەکرا و تەنانەت ئەگەر کەسێك لەم ئافرەت و منداڵانە بمردایە، کەس نەبوو بە هانایانەوە بچێت و بە ناچاری ئافرەتان گۆڕیان لێ دەدا و مردووەکانیان دەشووشت و دەیاننێژتن.

لەم ماوەیەدا هەرچی شایی و گۆڤەند و خۆشی هەبوو بارزانییەکان لێ بێبەشکران.

**٦- ئەشکەنجەدانی بایۆلۆژی:**

دوای دەستگیرکردنی پیاوە بارزانییەکان و لەناوبردنی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی کە پیاوەکان بوون،



ئافرەتەكان بۆ ماوەیەكی زۆر لەم ئۆردوگایانەدا بەبێ پیاو مان، منداڵبوون و وەچەخستنەوە لەم ساتەوە وەستێنرا، هیچ گەنجێكی بارزانیش نەمابوو كە هاوسەرگیری بكات و منداڵیان هەبێت، چونكە گەنجەكانیش هەموویان جینۆساید كرابوون.

**٧- ئەشكەنجەدانی دیمۆگرافی:**

شێواندنی رەگ و رەچەڵەكی بارزان و ئامار و سەرژمێرییەكان ئامانجێكی سەرەكی رژێمی بەعس بوو لە پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەكاندا بەمەش لە دوای جینۆسایدكردنی پیاوە بارزانییەكان بۆ ماوەیەكی زۆر هیچ منداڵێكی بارزانی لە دایك نەبوو. بە نموونە لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە (چونكە لە كاتی جینۆسایدی بارزانییەكان چەندین ئافرەت دووگیان بوون دوای چەند مانگێك منداڵیان پەیدابوو تەنانەت هەندێكیان رێكەوتی لە دایكبوونیان گەیشتە مانگی ٥ ساڵی ١٩٨٤) بەڵام لەم رێكەوتە بەدواوە تا ساڵی ١٩٩١ هیچ بارزانییەك لە ئۆردوگاكان لە دایك نەبووە و نەك لە ئۆردوگایەكان، بەڵكو لە سەرانسەری كوردستان، چونكە ئەو بارزانییانەی بەر پرۆسەی جینۆساید نەكەوتبوون، ئەوانیش لە ئاوارەیی وڵاتانی دراوسێ (ئێران و توركیا) بوون، دوای راپەڕین بە بەردەوامی ئاوارەكان گەڕانەوە و هەندێك لە مێرمنداڵە بارزانییەكان هاوسەرگیرییان كرد. بەمەش ناسنامەی هیچ بارزانییەك ساڵەكانی لە دایكبوونیان (١٩٨٥، ١٩٨٦، ١٩٨٧، ١٩٨٨، ١٩٨٩، ١٩٩٠) نییە.

**٨- ئەشكەنجەدانی دەروونی:**

مەترسیی پیاوانی رژێمی بەعس و ئەو زوڵم و زۆردارییەی بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵەكان دەكرا لە ئۆردوگا زۆرەملێیەكاندا چەندین ئاسەواری دەروونی بەسەر كەسوكاری بارزانییە جینۆسایدكراوەكان بەجێ هێشت، ئەمە جگە لە لەدەستدانی خۆشەویستانیان و ئەو ترس و دڵەڕاوكێیەی لە پیاوانی نەفس نزمی بەعس هەیانبوون، شەوانە چەندین ئافرەت لە خانوویەكدا كۆدەبوونەوە و پاسەوانییان لە خۆیان دەگرت. ترس باڵی بەسەر ئەم ئۆردوگایانەدا تەنیبوو، ئۆردوگایەك هەموو شتێكی لێ قەدەغە كرابوو، بە پیاوەكانیشیانەوە، ئۆردوگاكان ببوونە مەملەكەتی ئافرەتان، ترسی ئەوەیان هەبوو چارەنووسیان هەمان چارەنووسی پیاوەكانیان بێ، ترس لە بێدەنگی و چۆڵیی ئەم ئۆردوگایانە، ترس لە شاردنەوەی مردووەكانیان ترس لە لێدانی گۆڕ بۆ رۆڵەكانیان، ترس لە نەبوونی ئاو و خۆراك و پارە و پێداویستیی رۆژانەیان و... هتد.

ئەمانە و سەدان جۆر و شێوازی تری ئەشكەنجە بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵە بەجێماوەكان ئەنجام دەدرا لە ئۆردوگا زۆرەملێیەكاندا لەدوای پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەكان.

وەك دەردەكەوێت لە مەسەلەی ئافرەت و منداڵدا، لایەنی كەم بەشێكیان كۆكوژ نەكراون. بەڵام ئەوانیش ژمارەیەكی زۆر كەمن.

- ژمارەیەك لەو لێدوانانەی لە لایەن ئەوكەسانەی رزگاریان بووە بۆ بڕیاردەری تایبەت ئامادەكراوە دەربارەی ئەم مەسەلانەن:

أ. قوربانییانی منداڵ كە بە بێ دەرمان و خۆراك بەجێ دەهێڵدران تادەمردن.

ب. ئافرەتی هەرزەكار دەرفێندران، وەك كۆیلە دەفرۆشران...

ج. تۆقاندن بە شێوەیەكی سیستماتیكی پیادە دەكرا.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ئۆتیزم

## هۆکارێک بۆ لێکترازانی خێزان

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی تووشبوون بە نەخۆشی ”ئۆتیزم“ لە نێو منداڵاندا زیادی کردووە، هەروەها لە کۆی ١٦٠ منداڵ، منداڵێک بە پلەی جیاواز ئەگەری تووشبوونی بەو نەخۆشییە هەیە. بەپێی هەمان ئامار ٦٧ ملیۆن کەس لە جیهاندا تووشی نەخۆشیی ئۆتیزم بوون، بەپێی توێژینەوەکانیش دەرکەوتووە نەخۆشیی ئۆتیزم لە نێو منداڵانی کوڕدا زیاترە بە بەراورد بە منداڵی کچ، بە جۆرێک لە ٤٢ کوڕ یەکێکیان و لە ١٨٩ کچ یەکێکیان تووشی ئۆتیزم دەبن. لە کوردستانیش ژمارەی تووشبووانی نەخۆشیی ئۆتیزم لە هەڵکشاندایە و هاوکات هەڕەشەیەکە بۆ لێکترازانی خێزانەکان و خانەوادەی ئەو نەخۆشانەش داوای سەنتەری شیاو بۆ چارەسەری منداڵەکانیان دەکەن.



نەبوونی سەنتەرێکی گەورەی حکوومی بۆ وەرگرتنی تووشبووانی نەخۆشیی ئۆتیزم لەهەرێمی کوردستان، گرفتی گەورەی بۆ خێزانی ئەو تووشبووانە دروستکردووە، ئەگەرچی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، پلانیان هەبووە لەسەرجەم شارەکان سەنتەری تایبەت بۆ تووشبووانی ئۆتیزم بکرێتەوە، بەڵام قەیرانی دارایی رێگر بووە لەبەردەم کردنەوەی سەنتەرەکانی راهێنان.

رەحمان عەلی بەرپرسی سەنتەری ئۆتیزم لەسلێمانی، رایوایە «نەبوونی ئامارێکی ورد سەبارەت بە حاڵەتی ئۆتیزم دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لیژنەیەکی تایبەت بۆ دەستنیشانکردنی ئۆتیزم، یان ئەگەر هەشبێت، لیژنەکە پسپۆڕ نییە لە هەرێمی کوردستان، بەداخەوە زۆرجار نەخۆشیی منداڵ لەلایەن پزیشکەوە بە هەڵە دەستنیشان کراوە، گوایە ئۆتیزمی هەیە، بەڵام وا نەبووە.» هاوکات دەڵێت: «ئەو ئامارانەی هەن، هەر هەموویان دروست نین و نافەرمین، گرفتێکی دیکەش تێکەڵبوونی ئۆتیزم لەگەڵ حاڵەتەکانی وەك بیرکۆڵی و دواکەوتنی ژیری و چەندین حاڵەتی دیکەیە. حاڵەتی ئۆتیزم بەهۆی ئەوەی حالەتێکی قورسە، مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشەکەش زۆر قورس دەکات، چونکە بەردەوام پێویستی بە چاودێری و راهێنانی تایبەت هەیە. لە هەمووی گرینگتر پێویستی بە سەنتەرەی تایبەتە هەتا باری سەرشانی خێزان سووکتر بکات. بەهۆی نەبوونی پلانی گونجاو، کێشەی خێزانی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە. ئێمە چەندین ساڵە کار لەسەر ئەو دەرهاوێشتە کۆمەڵایەتییانە دەکەین، کە بەداخەوە ئەرکە قورسەکە کەوتۆتە سەر خێزان و خێزان رۆڵی سەنتەر و پزیشك و مامۆستا دەبینێ.»

گوتیشی: «رەفتاری کەسانی تووشبووی ئۆتیزم تەواو جیاوازە بە بەراورد بە کەسانی دیکە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەڵسوکەوتەکانی منداڵی ئۆتیزم وادەکات خێزان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگە داببڕێت، ئەوەش بە جۆرێك کاریگەری لەسەر دەروونیی ئەندامانی خێزانەکە دادەنێت، بەتایبەتی لەسەر باری دەروونیی دایکەکە.»

سەیران حەوێز بەرپرسی سەنتەری ئۆتیزم لە هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «سەنتەری ئۆتیزم لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە، ئێستا ٣٢ قوتابیمان هەیە و ١٧ قوتابیش یەدەگن، چونکە بینانەیەمان گچکەیە و ستافمان کەمە، تائێستا چەند جار داوامان لەلایەنی پەیوەندیدار کردووە کە جێگەمان بۆ دابین بکەن و ستاف زیاد بکرێ، بەڵام نەکراوە. زۆریش پێویستە خێزانەکان هاوکارمان بن و لە راهێنانەکان بەشدار بن وەکو کارئاسانییەك بۆ خۆیان، هاوکات کەیسی زۆرمان هەیە لەسەر جیابوونەوەی دایك و باوکی منداڵانی ئۆتیزم، تەنانەت دایك هەیە لە منداڵەکەی بێزار دەبێت و بەرگە ناگرێ، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی باری داراییان باش نییە، کێشەکانیان زۆر زیاترە، چونکە ئۆتیزم وەك هیچ حاڵەتێکی دیکە نییە، چاکبوونەوەی نییە و پێویستی بە خزمەت و چاودێریی بەردەوام هەیە، ئێمە لەسەنتەر چوار تویژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە بۆ چاودێریکردن و راهێنانیان، تاکە چارەسەریش راهێنان پێکردنە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی نەخۆشییەکە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەنتەری راهێنانی پێویست لە هەرێم ژمارەیەکی زۆر لەو تووشبووانە هێشتا بەبێ راهێنان ماونەتەوە، ئەوەش ئەرکی خێزانی تووشبووەکانی قورستر کردووە.»



منداڵانی ئۆتیزم ناتوانن لەگەڵ منداڵی ئاسایی تێکەڵ بکرێن و بەهەمان مەنهەج و سیستمی تاقیکردنەوە بخوێنن، چونکە منداڵی تووشبووی ئۆتیزم، ئاستی گەشەکردنی مێشکی ئاسایی نییەو دواکەوتووە

بەپێی ستانداری جیهانی دەبێ رۆژانە ٧بۆ٨ کاتژمێر راهێنان بە منداڵی ئۆتیزم بکرێ، سەرەرای ئەمانەش هاوینان ٣مانگ پشووە، لەکاتێکدا منداڵی ئۆتیزم هەتا مردن نابێ لە راهێنان داببڕێ

سەنتەرەکان وەک پێویست نین. هەم وەک بینایە بچووکن و گونجاو نین هەم ستافیان کەمە و زۆربەیان پسپۆڕ و راهێنراو نین

فەرەیدون بێوار دوو منداڵی هەڵگری ئەو حاڵەتەن و لەمبارەیەوە دەڵێت: «سەنتەرەکان وەك پێویست نین. هەم وەك بینایە بچووکەو گونجاو نییە هەروەها ستافیان کەمە، لەگەڵ ئەمانەشدا ستافەکە پسپۆڕ و ڕاهێنراو نین، هەروەها وانەبێژ و مامۆستای پێویستیان نییە، وەك: مامۆستای نوتق و ڕەفتار و میوزیك و وێنەکێشان و وەرزش و.. هتد، ڕۆژانە نزیکەی ٣ کاتژمێر دەوام هەیە، بەپێی ستانداری جیهانی دەبێ ڕۆژانە ٧بۆ٨ کاتژمێر ڕاهێنان بە منداڵی ئۆتیزم بکرێ، سەرەڕای ئەمانەش هاوینان ٣مانگ پشووە، لەکاتێکدا منداڵی ئۆتیزم هەتا مردن نابێ لە ڕاهێنان دابڕێ، ئەم سەنتەرانە لە تەمەنی ٥بۆ١٣ساڵی منداڵ وەردەگرن، واتە نەوجەوان و گەنجە ئۆتستیکەکان بێبەشن لە ڕاهێنان و مەشق، کە گەورەترین کێشەی خێزانەکانە، چونکە هەتا منداڵەکە گەورەتر بێ لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا کێشەکەی گەورەتر دەبێت و کۆنترۆڵکردنی سەختتر دەبێت.»

لە کوردستاندا هیچ پەیمانگەیەکی فێرکردن و پەروەردە تایبەت بە منداڵانی ئۆتیزم نییە. بەشێوەیەکی گشتی منداڵانی ئۆتیزم ناتوانن لەگەڵ منداڵی ئاسایی تێکەڵ بکرێن و بەهەمان مەنهەج و سیستمی تاقیکردنەوە بخوێنن، چونکە منداڵی تووشبووی ئۆتیزم، ئاستی گەشەکردنی مێشکی ئاسایی نییەو دواکەوتووە، هەروەها گرفتی ئاخاوتنیان هەیە، تەنانەت منداڵی ئۆتستیك جۆرێك لەحاڵەتەکانی پەرکەم و فێگرتن و بیرکۆڵی و زمان لاڵ بوون و شیزۆفرینیای لەگەڵدایە. منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم سەرەڕای حاڵەتەکەی خۆیان، چەندین کێشەی تەندروستییان هەیە، بەردەوام کێشەی ددان ئێشەیان هەیە، چونکە زۆربەیان ددانی شیرییان ناکەوێ، مەگەر بە نەشتەرگەری لاببرێت، هەروەها بەهۆی جۆری خواردن و باش هەزم نەکردنی بەردەوام کێشەی گەدەو کۆلۆنیان هەیە، هەندێکیشیان کێشەی گوێ و چاو و و دڵیان تووش دەبێت.

ئەگەر باس لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوون و پەرتەوازەبوونی خێزانەکان بکەین، هەرچەند باسیان بکەین، هێشتا هەر کەمە، جگە لە ناپاکیی هاوسەری و جیاوازی تەمەن و چەندان هۆکاری دیکە کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی هاوسەران و دواجاریش منداڵ کەسی یەکەمە باجەکەی دەدات. بێگومان هۆکارێك کە زۆر جار بۆتە هۆی جیابوونەوەی هاوسەران و تێکچوونی شیرازەی خێزان، بوونی منداڵی نەخۆشی ئۆتیزمە، کە زۆر جار دایکان و باوکان کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، ناتوانن وەك پێویست هاوکاریی منداڵەکانیان بکەن، ئەو نەخۆشییە ئەرکێکی قورس دەخاتە سەرشانیان، هەم لە ڕووی بەخێوکردن و چاودێریکردن و هەم لە ڕووی ماددی، زۆر جار ئەو توانا ماددییەیان نیە و ناتوانن بەردوام سەردانی نەخۆشخانەکان بکەن، ئەوەش ئەرکی سەرشانی ئەوانی قورستر کردووە ئەمەش کێشە و گرفت دروست دەکات لە نێو هاوسەران، بەتایبەت ئەو هاوسەرانەی کە دەوام دەکەن، یان فەرمانبەرن، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت ئاسانکاری بۆ ئەو هاوسەرانە بکات و ئەرکی سەرشانیان سووك بکات بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی گرفت و بەربەست لە نێو خێزانەکان.

ئۆتیزم (Autism) یان شەبەنگی ئۆتیزم، نەخۆشییەکە زیاتر لە تەمەنی ١٨ مانگی تا ٣٦ مانگی بەدیار دەکەوێت. شڵەژانی ئەقڵی و دەروونی، یان تێکچوونی کارو چالاکیی مێشکە، بە جۆرێك کە کار دەکاتە سەر گوفتار و ڕەفتاری منداڵ و توانای خۆبەڕێوەبردنی نابێت و ناتوانێ پەیوەندی زارەکی و نازارەکی ببەستێت و کارلێکی کۆمەڵایەتی بکات و زۆربەی ئەو نەخۆشانە گرفتی ئاخاوتنیان هەیە.

توێژینەوەیەکی نوێ لە زانکۆی تەکساسی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکات کە دوو چارەسەری نوێیان ئەزموون کردووە کە کاریگەرییەکەیان ئاراستەی جینێك دەکرێ کە بەرپرسە لە تووشبوونی کەسەکە بۆ ئۆتیزم. توێژەرەکان دەڵێن چارەسەرە نوێیەکان چەند گوێزەرەوەیەکی نوێ دەکەنە ئامانج و ئومێدیان هەیە لە ڕووی بایۆلۆجییەوە یاریدەی چاکبوونەوەی تووشبووان بدەن.

لە توێژینەوەکەدا هاتووە کە ئەوەی دەبێتە هۆی ئۆتیزم، نائاساییبوونی قەبارەی مێشك نییە، بەڵکوو تێکچوونی کاری گوێزەرەوە دەمارییەکانە، کە وادەکات مێشك بەشێوەیەکی ئاسایی زانیارییەکان بەکار نەهێنێ و بە باشی پەیامە دەمارییەکان هاتووچۆ پێ نەکات.

ئەوان دەڵێن: چارەسەرە نوێیەکان کار لەسەر ڕێککردنەوەی ڕێڕەو و گێزەرەوە دەمارییەکان دەکەن و لەمپەرەکانیان لادەبەن کە لە ئەنجامی ناڕێکیی دەمارییەکان بەدیهاتوون و هەوڵی ئەوە دەدەن ئاساییان بکەنەوە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە ئۆتیزم واتە «خودتەنهایی» یاخود «گۆشەگیری» یان «لەخۆڕامان»، ئەو منداڵانەی تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن، بە (ئۆتستیك) ناویان دەبەن، هەمیشە گۆشەگیر و خودتەنیان و تێکەڵ نابن.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١١ لەلایەن پزیشکێکی فەرەنسی بە ناوی (Jean-Marc Gaspard) بەشێوەیەکی سەرەتایی باسی لێوەکراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن پزیشکێکی دەروونی ئەمریکییەوە، بەناوی (لیۆ کانەر) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم حاڵەتەی دۆزیوەتەوەو ناوی (Autism)ی لێناوە.

**ئۆتیزم وەک هیچ حاڵەتێکی دیکە نییە، چاکبوونەوەی نییە و پێویستی بە خزمەت و چاودێریی بەردەوام هەیە**

**سەنتەری ئۆتیزم لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە، ئێستا ٣٢ قوتابیمان هەیە و ١٧ قوتابیش یەدەگن، چونکە بیانەیەمان گچکەیە و ستافمان کەمە**

**زۆرجار نەخۆشیی منداڵ لەلایەن پزیشکەوە بە هەڵە دەستنیشان کراوە، گوایە ئۆتیزمی هەیە، بەڵام وا نەبووە**

